Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris
Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.17 21:17:44 +01'00'

# "ئاوێنە" شکاوە یان نا؟

زریان محەمەد

چەند رۆژێك لەمەوبەر بابەتێك لە سایتی کوردستاننێت دا بڵاوکرایەوە لە ژێر ناوونیشانی "شاردنەوەی راستیەکانو شـکاندنی ئاوێنـە" لە نووسینی بەرێزێك بە ناوی کەژاڵ سالح. ئەوە بەرێزە رەخنەی لەوە گرتبوو کـە کـاك برایـم بەرێوەبـەری بەرنامـەی "ئاوێنـە" لـە کانـاڵی ساتلایتی کوردسات لە ناساندنی یەکێك لەو خاتوونە دەنگخۆشانەی بۆ ئەو بەرنامەیە بانگهێشت کرابـوو(شـیرین مـەحموودزادە)، وەك خـۆی نەناساندوە. بەڵکوو لە ناساندنی شیریندا هێندێك تێبینیـی تایبـەت بـە "دەروجیران"ی کـردوەو شیرینیشـی وا تێگـەیاندوە کـە وەك ئـەو مەبەستیەتی خۆی بە بینەران بناسێنیو بڵێ:"نیشتەجێی شاری سەردەشتەو تەنانەت لەوێ بۆ وتنی گۆرانی نەك رێگرو کۆسپی لەبەردەم نیـە، بگرە هەموو لایەك هاندەریشنی". نووسەری ئەم بابەتە ئەوەی نەك بە هەڵە، بەڵکوو بە درۆو ناچارکردنی کەسێك بە درۆکردن لە قەڵـەم داوەو بەو ئەنجامە گەیشتوە کە ئەو "ئاوێنە"یەی دەبێ هەموان(هەموو خاوەنبەهرەو هونەرمەندانی کورد) خۆیانی تێدا ببیننەوە، "شکاوە".

ئەز بەو پێیەی ئاگاداری هێندێك حاڵەتی لەم چەشنەم لە دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانم(بـە هـەردووك ئیدارەکەیـەوە)، رایەکی دیکەم هەیەو پێم وایە خاتوو شیرین بۆخۆی دەسپێشخەریی کردوەو بۆ ئەوەی رێگای چوونە ژوورەوەی ستۆدیۆی "ئاوێنە"ی پێ بدرێو "ناچار" نەکرێ درۆ بکا، بۆیە بەم چەشنە خۆی بە بەرێوەبەری ئەم بەرنامەیە، بەرێز کاك برایم ئەحمەد ناساندوە. چونکە ئێستا بۆ هەموو ئەو کوردانی رۆژهەڵات کە دانیشتووی کوردستانی باشوورن بۆتە شتێکی ئاسایی کە لە راگەیەنە کوردییەکانی ئەم بەشەی کوردسـتاندا گونـاه و لادانە گەر خۆت سەر بە یەکێك لە حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بناسێنیو بەگشتی خۆت وەك هەی بناسێنی، نەك وەك ئەوەی ئەوان "لە بەرژەوەندییان دایە". ئەوە هۆکارێکە کە من پێم وایە خاتوو شیرینی تووشی دڵەراوکێ کـردوە، دڵـەراوکێی رێگـە نـەدان بـۆ ئـەوەی خـۆی لەبەردەم ئەو "ئاوێنە"یەدا ببینێتەوە: ئەو "ئاوێنە"یەی هەم ئەوو هەم ئێمەش بەشمان پێوەیەتیو هەقـە خۆمـانی تێـدا ببینینـەوە. چونکـە ئەویشو ئێمەش پێمان وایە "کوردسات " TVیەکی کوردیو کوردستانییە، بە ئاوێنەکەشییەوە: ئێمەش کوردین.

ئاوێنەکە شکاوە یان نا؟ من لەسەر ئـەو بڕوایـەم بەرنامـەی "ئاوێنـە" کـە بەرنامەیـەکی هونەرییـە، بەداخـەوە دەسـتی سیاسـەتی و مولاحیزاتی سیاسیی گەیشتۆتێ، ئەگینا "ئاوێنە" بەو هەموو خزمەتە زۆرو زەوەندەی سـەرەڕای تەمـەنی کورتـی- بـە هونـەری کوردیـی کردوەو لە بەریش دایە بیکا، ناکرێ شکابێ و لە نێوەرۆکی پیرۆزی هونەریی خۆی بەتاڵ بووبێتەوە. هەربۆیـە پێـم وایـە خـاتوو کـەژاڵ سـاڵح تووشی گومان بوە، "ئاوێنە" نەشکاوەو بەرێوەبەرانی ئەم بەرنامەیە(کە بە هەق لە خەمی هونەری کوردی دان) دەتوانن بە رەچـاوکردنی ئـەم رەخنانەو لابردنی ئەم گەردەی لە "ئاوێنـە"کـەمان نیشـتوە، ئاوێنـە لـە جـاران درەوشـاوەترو رۆشـنتر بکەنـەوە، بەچەشـنێك کـە هـەموو بەهرەمەندێکی کورد بەبێ لە بەرچاوگیرانی مولاحیزاتی سیاسیو ناوچەییو خۆی تێدا وەبینێ.